کوردستان نێت
KURDISTAN NET

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23-2-2007 17:33

# بەرێز مهاباد قەرەداغی لە کام سەنگەرەوە تەقە دەکەیت؟ ... حەمە کەریم

دوای سڵاوو رێز

بەرێزت وەک سیمبولێکی دەنگی ژنان، وەک یەکێک لەو ژنانەی کە بڕیار بوو ڕابەرایەتی ڕیزی ملیونان ژنی ستەم دیدەی کوردستان بکەیت، بڕیار بوو بەرێزت بەدوای بە مەدەنی کردنەوەی کوردستانەوە بیت، بڕیار بوو ئەو یاسایەی کە ژنانی کردۆتە پلە دوو دەبێت بەردەباران بکرێت، بڕیار بوو چەشنی مەستوورە خان ڕابەرایەتی ژنان بکەیت بۆ دەرباز بوون لەو ستەمەی بە ناچاری بە سەریان دا سەپێنراوە، بڕیار بوو پەرچەم و ڕابەرایەتی شۆڕشی ژنان دژ بە دەسەڵات و ئەوانەی لە دەسەڵات ئاو دەخۆنەوە بوەستیتەوە، بڕیار وابوو ئەو پەیامەی ژنانی دژ بە کۆیلەیەتی ئاڵاهەڵگری بوون تۆش شەهیدی ئەو ڕێگایە بیت، خۆ بڕیار نەبوو ئەو سەنگەرە بە جێ بهێڵیت، ئێستاش کەسێک بەناوی عوسمانی حاجی مەحمود کە یەکێک بووە لەوانەی دژ بەو سەنگەرەی بەرێزت هەڵتبژاربوو کە سەنگەری وەستانەوە دژ بە ژنان بووە کاری کردووە، ئێستاش فرمێسکی بۆ هەڵ دەرێژیت کەلە ژێر پاڵەپەستۆی خەڵکانی ڕاپەڕیوی کوردستان دا سەنگەرەکەی جێ دەهێڵێت و ماڵ ئاوایی دەکات، بەڵام بەرێزت بە هەڵڕشتنی فرمێسک بۆی دەتەوێت سەنگەری بەرامبەرت جارێکی تر لێ بگرێتەوەو جارێکی تر مافەکانت تەسلیم بە نەبوون بکاتەوە، خاتوو مهاباد من کارم بەوە نی یە عوسمانی حاجی لە شەڕەکان دا چەند پایەگاو چەند سەرباز ی بە دیل گرتووە یان کوشتووە یان لە مەیدانی شەڕەکان دا سەربازانی دوژمن بێ هەژمار کوژراویان بەجێ هێشتووە ئەوە بابەتێکی ترە، ئەوەی کە بۆ من گرنگە ئەو بەرێزە سەرپەرەشتی گرنگ ترین وەزارەتی دەکرد، وە لەسایەی ئەم بەرێزەدا وە بەسەرپەرشتی ئەم هەڵۆ بەرزە هێزەکانی ئاسایش بەسەر ئەو ناوچانەدا دابەش دەکرا کە خەڵکی خۆیان بۆ خۆپیشاندان ئامادە دەکرد، کوژران و بریندار کردنی دەیان خۆپیشاندەر و گرتن و لە زیندان خستنی سەدان کەسی تری ئازادی خواز، ئەو پەیامەی مهاباد خان باسی دەکات کە ئەم هەڵۆ سوورە لە گەرمیان دا گەیاندوویەتی دەبێت چی بێت، تا ئێستاش دواکەوتووترین جێگەی نیشتەجێ لە کوردستان دا ناوچەی گەرمیانە، ئایا لە ژێر سایەی ئەم بەرێزە دا نەبوو کە خەڵکی کەلار و دەربەندیخان و چەمچەماڵ تەقەیان لێ ئەکرا، ئایا بە ئەمری ئەم هەڵۆ بەرزە فرەی ینک نەبوو کە دەنگە ئازادەکان خزێنرانە کونجی زیندان، ئایا لە سایەی ئەم سیمبولەدا نەبوو کە کرێکارانی کارگەی تاسڵوجە خڵتانی خوێن کران، ئایا هەر لە سایەی ئەم سیمبولەدا نەبوو هەڵەبجە ی بریندار برینە کۆنەکەی نوێ بۆیەوە، ئایا بەبەرچاوی جیهانەوە تەقە لەم شارە نەکرا؟ ئەو شارە ی کە ئێستا وەک هێرۆشیما باسی لێ دەکرێت، ئایا لە سایەی ئەم بەرێزەدا نەبوو پێش چەند ڕۆژێک قوتابیانی زانکۆکان بە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بە پێ بەرەو هەولێری فیرعەونەکان کەوتنە ڕێ، ئایا لە کاتی دەسەڵاتی ئەمدا نەبوو کرێکارانی تاسڵوجە خڵتانی خوێن کران؟ ئایا ئەم بەرێزە یەکێک نەبوو لەو سە رلەشکرانەی شەڕی نێوان پدک و ینک، ئایا لە ژێر چاودێری ئەم بەرێزەدا نەبووە کە پۆلێک لە کادرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە سلێمانی خڵتانی خوێن کران، کە ئەم یەکێک بووە لەسەر لەشکرەکانی ینک، ئایا ئەگەر ریفراندۆمێک بکەیت لە گەرمیان لەناو ژنان دا بۆ ئەم بەرێزە چەند دەرسەد دێنێت، لە کارە چاکەکانیا؟، ئایا بۆ ژنانی پیاو ئەنفال کرا و چی یان کردوە و چی کراوە، لە سایەی سەری ئەم بەرێزە وەک وەزیری ئەمن و ئاسایش و پاراستن چەند

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕێگری کردووە لەبەردەم دیاردەی ژن کوشتن دا، لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەم زاتەدا بە هەزاران کوژران و هەر باسیش نەکران، بۆیە لێرەدا بەڕێز وەزیر عوسمانی حاجی مەحمود کە خۆی کا ر کەنار دەکات ئایا خەڵکی کوردستان دەبێت بەرگی ڕەشی بۆ بپۆشن لەبەر کارە باشەکانی دەرهەق بە ژنان، ئایا بەڕێزی وەک وەزیرێک، وە تۆی بەڕێزیش وەک نوێنەری ژنان تا چەند توانیوتانە لە ناوچەی گەرمیان دا ڕێکخراوەی ئازاد و سەربەخۆ بۆ ژنان دابمەزرێنن؟ یان تا چەند لە ماوەی شازدە ساڵی دەسەڵاتی یەک و ئەویش وەکو کەسێکی ناسراو لە ناوچەی گەرمیان کاریگەری لەسەر بە مەدەنی بوونی سیمای کۆمەڵ دانێن، خەڵکی ئەم دەڤەرە بەر لە هەموو جێگاکانی تری کوردستان ڕاپەڕین و بەگژ دەسەڵات دا چوونەوە و خوازیارو و بانگەوازی ژیانێکی باشتریان دەکرد، ئایا وەڵامی ئەم و قایمقامی دەربەندیخان و بەردەکانی ناو دەستی بوو کە دەیدا بەسەری خۆپیشاندەراندا یان جنێوو ئیهانە ناشیرینەکانی ئەمان نەبوون بەرامبەر بە خەڵک دەکران و تەنانەت ڕۆژنامەنووسانیشیان دەخزاندە ژوورە تاریکەکان بە تەقە وەڵامی خەڵکیان دایەوە لە کاتێکدا خەڵک تەنها دەیانەویست وەکو ئینسان بژین، کە داوای کارەبا و نەمانی گەندەڵییان دەکرد.
بە هەر حاڵ مهابادی ئەزیز بەڕێزت وەک ژنێک ئایا بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییانە و بە بێ ئەوەی پایەی کۆمەڵایەتی خۆت وەک ژنێکی ئازادیخواز لەبەر چاو بگریت، کەوتویتە مەدح و سەنای کەسێک کە لەگەڵ سەرانی یەک تا سەر ئێسقانیان نوقمی ئینسان کوژییە و تا سەر ئێسقان دژایەتی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن، بۆیە دیارە ئێستا لە سەنگەرێکی ترەوە باسی ئەم زاتە پیرۆزە دەکەیت، کە سەنگەرت وەک لێپرسراوێک لە دەسەڵات دا، کە ئەویش پدک، وە هاوپەیمانی یەک لە سەرکووت دا، سەنگەرێکی هاوبەشیان دژ بە خەڵک گرتووە، ئایا بەڕێزت ویژدانت ئازارت نادات کە ئەو سەنگەرە پیرۆزەی کە پێشتر هەتبوو بە جێتهێشت و کەوتیتە سەنگەرێکەوە کە سەنگەری ژنێکی کۆنەپەرەستی وەک شیرین ئامێدی هاوبەش لە دەسەڵات دژ بە ژنان، خۆت بینیەوە بە داخەوە کەسێکی وەک بەڕێزت کە خاوەنی ویژدانێکی پاک بوویت و ئێستاش لە جێگایەکی ترەوە تەقە لە ژنان دەکەیت، هۆنراوە ناسکەکانت بۆ ژنان خۆ نەمردوون، سەردەمێک ببوونە چریکە، ئەی ئێستا، من دەڵێم ویژدانی خۆت چۆن دەتوانی ئاسوودە بکەیت لەم لا یان لەو جێگایەی ئێستات کە ژیانێکی ریفاهت هەیە، و ژنانیش ڕۆژ بە ڕۆژ دەستی تیرۆر و کوشتن و برین و چەقۆی کوول لەسەر ملیانەو تۆی بەڕێزیش بەدوای حەزەکانی خۆت کەوتوویت کەئەو حەزانە نامۆن بە ژنانی کوردستان.
من لە کۆتاییدا هیوادارم ویژدانت ئاسووە بکەیت.

hama_karim134@yahoo. de

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.